الاتحاد العام للاجئين العراقيين
THE INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES

# ڕاگەیاندنی ژمارە – ٤ -

# نامەیەكی فەوری بۆ ئازیزانی كارەساتی جەزیرەی (( سانتاماریا))

بەڕێزان هەر وەك ئاگادارن كە لە ڕاگەیاندنەكانی پێشووی فیدراسیوندا ئاماژە بەوە كراوە كە تا ئیستە لاشەی ٧ كەس لە قوربانیانی كارەساتی جەزیرەی ... دۆزراوەتەوە كە لەم ٧ كەسە ٣ یان ( سیانیان) نەناسراونەتەوە .

وە لەلایەكی تریشەوە خۆتان ڕۆژانە پەیوەندیمان پیوە دەكەن و تەلفونمان بۆ دەكەن بۆ بە دەستهینانی زانیاری و ناسینەوەی ئەو سێ كەسەو چارەنووسی ئەوانی تریش، بۆ ئەم مەبەستە ئیمە لە ئیستەدا خەریكی كار ئاسانی وەرگرتنەوەی لاشەی هەموو ئەو گیان لەدەست چوانەین كە لاشەكانیان لەبەردەستایە تا بتوانین بە هاوكاری هەموو لایەك بیانگەڕینینەوە بۆ كوردستان.

كە خۆشحالانە تا ئیستە توانیومانە كار بەدەستانی حكومەتی ئیتالیا ڕازی بكەین بە گەڕانەوەیان، بەلام لەم بارەوە چەند كێشەو گیرو گرفتێكی واقعی بەرۆكی پیمان گرتووە لە ڕووی مالّی و عەمەلی یەوە بۆیە ئیستەدا پێویست بە هاوكاریەكی لێبڕوانەی ئێوە دەكات.

ئەویش كرۆكی مەسەلەكە ئەوەیە كە گەڕانەوەی لاشەی هەر كەسێك بۆ ولاتی خۆی لەباری یاسای یەوە دەبێت ئەندامی خێزانی ئەو كەسە خۆیان ڕاستەخۆ بچن بۆ ئیتالیاو بە دوای ڕاپەڕاندنی كاروباری ئیداری گەڕانەوەی لاشەی ئازیزانیان .

بەلام هەر وەك بۆ هەموو لایەكمان ڕۆشنە ئەمە لە چەند ڕووەو كێشەو گیرو گرفێكی عەمەلی زۆری هەیە بە تایبەت بۆ ئەو كەسانەی كە تا ئیستا نەناسراونەتەوە، بۆیە حالەتی دووهەم ئەوەیە كە دەبێت لایەنیك تەحمولی مسولی یەتی لە ئەستۆگرتنی ئەو كارەی هەبێت، تا بەشێوەیەكی ڕەسمی لاشەی ئەو كەسانە لە حكومەتی ئیتالیا وەربگرێتەوە كە لەم بارەوە ئیمە وەك فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی ئامادەی خۆمان بۆ گرتنە ئەستووی ئەم مسولیەتە دەربڕیووە.

مەسەلەیەك كە دەتوانێت كارەكەی ئێمە زۆر خیراتر بكاتەوە ئەوەیە كە خیزانی هەر یەك لەو قوربانیانە ڕاستەخۆ نامە بنێرین بۆ حكومەتی ئیتالیا بۆ ڕاپەڕاندنی كارەكان و سپاردنی لاشەی ئەو ئازیزانە بە فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی .

بۆیە داواتان لیّ دەكەین بۆ ڕاپەڕاندنی ئەم كارە ئەم چەند خالە ڕەچاو بكەن :

١. دەست بەجیّ ئەم هەوالە بدەن بە هەموو خیزان و ئازیزانی ئەو كارەساتەو لەم مەسەلەیە ئاگادریان بكەنەوە !

٢. لیپرسراوی هەر خیزانیك ڕاستەخۆ ئەم فۆرمەی خوارەوە پڕ بكاتەوەو بەم ژمارە فاكسەی خوارەوە بۆمان بنێرنەوە !

**ژمارەی فاكس 00 358 9 2419493**

**تیبینی / لە پڕ كردنەوەی ئەم فورمەی خوارەوەدا، لەژیر ئەم ڕستەیەدا (چاوەڕوانی هەلّویستی ئینسان دۆستانەی بەڕیزتانین !)**

**ئەم سیّ خالە یەك لە دوای یەك لەبەرچاو بگرن وبینووسن :**

- ئیمزای ئەوكەسەی كە ئەم داخوازی یە دەنووسیت وەك بەرپرسی خیزان وە ناوی ئەو ئازیزەیان كەلەم كارەساتەدا گیانی لەدەستداوە
- بەرواری ناردنی نامەكە .....
- ناونیشانی تەواوی خۆتان ....

ریبوار عارف

سكرتیری فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی

٢٧ / ١ / ٢٠٠٣

Address: PL 3
Fax : 00 358 9 2419493
fediraq@welho.com
00391 Helsinki - Finland

www.kurdistannet.org
كوردستان نێت

## داواكاریەك بۆ كاربەدەستانی بەرپرسی حكومەتی ئیتالیا
## بابەت : گەرانەوەی لاشەی ڕۆڵەكانمان
## بەروار : .....

## پاش سلاو

بەریزان هەر وەك خۆتان ئاگادارن كارەساتی جەزیرەی .... بووە هۆی گیان لە دەستدانی جگەرگۆشەو ئازیزانمان، وە بەدلنیای ئەم ڕوداوە ویژدانی هەر ئینسانێكی شەرافەتمەندی هەژاندو داخێكی گەورەی كردە دڵی هەموومانەوە !
ئەگەر چی پاش هەول و تەقەلایەكی زۆری شارەزایان و پسپۆرانی تایبەت بەم بوارە تا ئیستە توانیراوە تەنها لاشەی ٧ كەس لەو گیان لە دەست چوانە بدۆزرێتەوە. بەلام ئەمە هیوایەكە بۆ هەر یەك لە ئێمە كە لایەنی كەم شانسی ئەوە بدات بە ئێمە كە بتوانین دەستمان بگات بە مەزاری ئازیزانمان.
كە بۆ ئەم مەبەستە دیارە كیشەو گروگرفتی عەمەلی زۆر هاتووەتە سەر ڕێگەی ئێمەو توانای سەفەرو گەشتنە ولاتانی ئیتالیامان نی یە، بۆیە داواتان لێ دەكەین كە لاشەی ئازیزانمان بسپێرن بە ڕێكخراو نوینەرانی فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی، تا بەهاوكاری ئەم ڕێكخراوە لاشەی ئازیزانمان بگەریندریتەوە بۆ كوردستان .
لەم بارەوە چاوەران دەكریت لە روانگەی ئینسان دۆستی بەریزتانەوە هەر جۆرە هاوكاری یەكی ئەم ڕێكخراوە بكەن بۆ كار ئاسانی و ڕاپەراندنی كارەكان .
چاوەروانی هەڵویستی ئینسان دۆستانەی بەریزتانین !

www.kurdistannet.org
كوردستان نێت